


ئەمیتاب باتشان:

# پێویستە بە پێوەری ڕۆژئاوایی حوکم لەسەر فیلمەکانمان نەدەین

**هونەرمەندی ناوداری هیندی ئەمیتاب باتشان لە ١١ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٤٢ لە ئەڵاە ئاباد لەدایك بوو، یەکەم فیلمی بە ناوی(Saat Hindustan) بووە، لە ساڵی ١٩٦٩ دوای بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر، بەهێزەوە چووە ناو پەرلەمان، بەڵام سەرەڕای لێهاتوویی و شارەزایی لە بواری سیاسەتدا، خۆی لەم بوارەدا نەدۆزییەوە، وەك ئەوەی بڵێی بۆ هونەر خوڵقابێت، هەر لەبەر ئەوەش وازی لە کورسییەکەی هێنا و بۆ نێو بواری هونەری و هەوادارنی سینەمای هیندی گەڕایەوە.**

**ئەمیتاب لە بواری سینەمادا هەست بە ئارامییەکی زۆر دەکات، تەنانەت کاتێك ژیانی هاوسەریشی پێکهێنا، لە دەرەوەی هونەر نەبوو، هاوسەرەکەی هونەرمەند (جیا)یە، کە بە رۆڵە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکان ناسراوە و لە لایەن جەماوەریشەوە زۆر خۆشەویستە، ئەمیتاب کوڕێك و کچێکی هەیە، کوڕەکەیشی لە جیهانی هونەردا لەسەر ڕێڕەوی باوکی بەردەوام بوو، تا وای لێهات بە شای بۆڵیۆد ناسرا، لە دیمانەیەکدا ئەمیتاب بەم جۆرە باس لە چەند پرسێکی هونەری و تایبەتیی خۆی دەکات.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی (البوابة)**

*** وەك هونەرمەندێك دەستت بەسەر بواری سینەمای هیندیدا گرتووە و رکابەرێتیی هەندێك هونەرمەندی دیکە دەکەی، کە سی ساڵ لە تۆ بچووکترن، نهێنیی ئەمە لەچیدایە؟**

- تا ئەو رۆژەی توانام هەبێت بەردەوام دەبم، من زۆر دڵخۆشم بەوەی تا ئێستاش رۆڵی سینەمایی گەورەم پێشکەش دەکرێت، هەرچەندە لەرووی کارکردنەوە بە سی ساڵ لە هەندێك هاوپیشەی خۆم گەورەترم، هێشتا هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم، چونکە پیاوێکی تەمبەڵ نیم و حەز لە دانیشتن ناکەم.

*** دوای ئەوەی بۆ ماوەی بیست ساڵ ئەندامێکی (Lok Sabha) بوویت، بۆچی رووت لە بواری سیاسەت کرد؟**

- من سەرکەوتوو نیم لە سیاسەتدا و هیچ کاتێکیش وەك پێویست لەو مەیدانە شارەزا نەبووم، تەنیا لەبەر سۆز و خۆشەویستی سەرۆك وەزیرانی کۆچکردوو (راجیف گاندی) و ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوانماندا هەبوو، رووم لە سیاسەت کرد، بیر لەوەش ناکەمەوە کە جارێکی دیکە روو لەو بوارە بکەمەوە.

*** هەستت بەچی کرد کاتێك (راجنیکانت) بە ئیمپراتۆری سینەمای هیندی وەسفی کردی؟**

- ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کاتێك ئەو نازناوەی بە من بەخشی، هەرچەندە من ئیمپراتۆر نیم.

***کۆمپانیای (he floated) بە بارێکی دارایی سەختدا تێپەڕ دەبوو و خەریك بوو ئیفلاس بوونی خۆی رابگەیەنێ، بەڵام لەناکاودا بارودۆخی گۆڕا پێت وایە ئەمە چۆن بوو؟**

- کاتێك من هاتمە کۆمپانیاکە بڕوای من بە بەڕێوەبەرەکانی زیاتر بوو، کە پێشتر لەوێ بوون، بەڵام بە بڕوا بەخۆبوون مرۆڤ دەتوانێت هەموو کارێك بکات، هەرچەند زەحمەت و قورسیش بێت.

*** بۆچی بڕوات بە هەموو کەسێك هەیە؟**

- نازانم و ناتوانم وەسفی خۆم بکەم، دەبێ خەڵك حوکم لەسەر ئەوە بدات.

*** هیچ کاتێك هەستت بە دڵتەنگی و خەمۆکی کردووە؟**

- هەندێك کات هەبوون کە تێیدا هەستم بە دڵتەنگی دەکرد، بەڵام ویژدانم رێگای پێنەدام ئیفلاس بوون رابگەیەنم، زۆر بە جددی کارمان کرد و قەرزەکانمان دایەوە، من بڕوایەکی زۆرم بەوە هەیە کە خوا بۆی نووسیوم، لە هەمان کاتدا بڕوای تەواوم بە تواناکانی خۆم هەیە.

*** زۆر کەس دەڵێن سینەمای هیندی تەقلیدی رۆژئاوا دەکات و مۆرکی رۆژئاوا بە هەموو شوێنێکی هیندستانەوە دیارە، ئایا ئەمە راستە؟**

- من پێموایە ئێمە تەقلیدی رۆژئاوا ناکەین، سیستەمی پەرلەمانی ئێمە بەشێوەی بەریتانی دامەزراوە و تا ئێستاش هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، سینەمای هیندی تاکە شتە لە هیندستان کە هیچ شتێك کاری تێ نەکردووە، چونکە هەموو شتەکانمان لە رەوشت و فەرهەنگ و زانستی ئەفسانەکانمانەوە وەرگرتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر بزانین هەر شتێك لە دەرەوە هەیە و سوودی ئێمەی تێدایە وەری دەگرین.

*** بۆچی رەخنەت لەو کەسانە گرت کە پێشبینی ئەوەیان کردبوو فیلمی هیندی خەڵاتی ئۆسکاری رۆژئاوایی بەدەست بهێنێت؟**

- پێویستە بە پێوەری رۆژئاوایی حوکم لەسەر فیلمەکانمان نەدەین، ژمارەی ئەو کەسانەی سەیری فیلمی هیندی دەکەن و حەزی لێ دەکەن، زۆرن، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی ئەم فیلمانە لە هەموو ماڵێکی جیهاندا.





# بۆ یەکەم جار ئەنجلینا روو لە نووسین دەکات

لە هەنگاوێکی ناوازە و چاوەڕوان نەکراودا، خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیۆد (ئەنجلینا جولی) وەك راوێژکاری نووسین بەتایبەتی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و گرفتەکانی راگوێزران و پەنابەریی و چەندین بابەتی دیکە، پەیوەندیی بە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تایمی ئەمریکییەوە کرد.

لەم رووەوە (ئیدوارد فیلسینیال) سەرنووسەر و سەرۆکی جێبەجێکاری گۆڤاری تایم روونی کردەوە کە ئەنجلینا لە رێگای پۆستە نوێیەکەیەوە بەشداری لە نووسین و ئامادەکردنی چەندین وتار وهەواڵی جۆراوجۆرەوە سەبارەت بە ململانێکان و کێشەکانی پەنابەری و چەندین بابەتی دیکە دەکات، بەڵام گرنگییەکی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ دەدات.

بەپێی گۆڤاری (هۆڵیۆد ریپۆرتەر)ی ئەمریکی بەشداریی رۆژنامەوانیی ئەنجلینا زیاتر لەسەر رۆڵی زیندووی خۆی و شارەزایی خۆی بووە، کە لە ماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا لەلایەن ئاژانسی نەتەوەیەکگرتووەکانی سەربە کۆمیسیۆنی پەنابەرانەوە بەشداریی لە نزیکەی (٦٠) ئەرك و کاری مەیدانیدا کردووە، کە دواییینیان سەردانی کەمپەکانی پەنابەران بووە وەك نوێنەری تایبەتی کۆمیسۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆلۆکمبیا و پیرۆ و بەنگلادیش، بەمەش بۆتە ناودارترین بەرگریکار لە بواری راگواستن و پەنابەری لەسەرتاسەری جیهان.دا

هەر لەم رووەوە یەکەم کاری ئەنجلینا لە بواری نووسین لە گۆڤاری تایم بڵاوکرایەوە و تێیدا باسی رۆڵی ئافرەت دەکات لە دانوستاندنەکانی ئاشتی لە ئەفغانستان، هەروەها تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە پەنابەران شایەنی ئەوەن مامەڵەیەکی یەکسان و سەربەرزانەیان لەگەڵدا بکرێ، هەروها داوا لە بەرپرسانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات، کە جەخت لەسەر ئاشتیی درێژخایەن بکەنەوە، بە پشت بەستن بە دادپەروەری و لێپرسینەوە، بۆ ئەوەی پەنابەران بتوانن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

## یاریدرەدەری بی

دوای چەند کاتژمێرێکی کەم لە دابەزاندنی پیشە مەزندەکراوەکەی خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی (بیونسی) لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەلایەن هەوادارانییەوە گرنگییەکی زۆری پێدرا و بە دەیان هەزار کەس هەواڵەکەیان خوێندەوە، بەو ئومێدەی کاری یاریدەدەرە مەزندەکراوەکەی بیونسییان دەست بکەوێت و رووبەڕووی گرفت نەبنەوە و کاتیان بەفیرۆ نەڕوات.

یەکێك لە بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت یارییەکی ئەلیکترۆنیی بڵاوکردە وە، کە دەرفەتی پیشە مەزندەکراوەکەیان بۆ ئاسانتر دەکات و مەرجە پێویستەکانیشیان دەخاتە روو، چونکە ئەو کەسەی ئەم پیشەیەی دەست دەکەوێت، پێویستە چەند کارێك ئەنجام بدات و هەنگاوی قورس هەڵبگرێت، کە بە ئامادەکردنی ژەمی خواردنی بەیانیانی



# نادیا ئەلجوندی لە بارودۆخی هونەر ناڕازییە

خانمە ئەکتەری ناسراوی میسر (نادیا ئەلجوندی) بەم دواییە لە میانەی فیستیڤاڵی (الزمن الجمیل) کە لە بەیروتی پایتەختی لوبنان ساز کرا ڕێزی لێگیرا، جگە لە نادیا چەندین هونەرمەندی دیکەی میسری و لوبنانی و عێراقییش ڕێزیان لێ گیرا.

لە سەروبەندی فیستڤاڵەکەدا نادیا باسی لە دۆخی ئێستای هونەر بە گشتی کرد و گوتی: «لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر کاری باش ئەنجام دەدرێن، بە پێچەوانەوەی بەشی هەرەزۆری کارەکان کە شایەنی ئەوە نین نمایش بکرێن، تا ئێستا نازانم هۆکاری چییە کەناڵەکانیش بەردەوامن لە نمایش کردنیان، چونکە ئەمانە لەسەر حیسابی کاری باش و ئاست بەرزن»، گوتیشی: «پێویستە حکومەتی میسری بە جددی بیر لەو بابەتە بکاتەوە و سنوورێکیان بۆ دابنێت، بۆ پاراستنی ئەو کارانەی کە پەیام و بەهایەکی هونەری بەرزیان هەیە».

سەبارەت بە دوورکەوتنی لە گۆڕەپانی هونەری نادیا دەڵێ: «بەشێوەیەکی گشتی من لە بارودۆخی هونەری ناڕازیم، هەروەها نەبوونی سیناریۆی ئاست بەرز کە بگاتە ئاستی کارەکانی نەجیب مەحفوز و یوسف ئیدریس و نەبوونی کاری نوێ کە پەیام و ئامانجێکی دیاریکراوەی هەبێت، ئەمانە هەموویان لە ماوەی رابردوودا هۆکاری دوورکەوتنەوەی من بوون، بۆیە زۆر دڵتەنگ دەبم کاتێك جەماوەرەکەم باس لە دوورکەوتنەوەم دەکات وبە تەمبەڵ و کەمتەرخەم تۆمەتبارم دەکەن، چونکە من جەماوەر بە گەورەترین سەرمایەی خۆم دادەنێم».

دەربارەی تووڕەبوونیشی لەسەر ئاشکراکردنی تەمەنی، نادیا دەڵێ: «تووڕەبوونەکەم هۆکارەکەی ئەوە بووە کە کەسانێك دەیانەوێ یاری بە تەمەنی من بکەن، بە بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانم، پێیان دەڵێم واز لە قسەی بێ مانا بێنن، چونکە ئەم قسانە کار لە جەماوەرەکەم ناکات و ئەوان بەردەوام سەیری کارەکانم دەکەن.



# ـــــونسی مشتومڕ دەنێتەوە

بونسیەوە دەست پێدەکات، کە سیستمێکی خۆراکیی تایبەتە، تا دەگاتە دیاری کردنی هۆتێلی گونجاو بۆ مانەوە تێیدا، بەتایبەتی لە کاتی گەشتەکانی و گەڕان لەگەڵ ڕێکخستنی کاتی گونجاو بۆ دەرچوون و مەلەوانی و ڕێکخستنی قژی و چەندین کاری دیکە.

هەوادارانی بیونسی گرنگییەکی زۆریان بە یارییەکەدا و ژمارەی سەردانیکەرانی گەیشتە (٢٢٠) هەزار کەس و بە هەزاران کۆمێنت کە گوزارشتیان لە حاڵەتی رکابەرێتی و گرنگیدانی جەماوەری بیونسی دەکرد، هەروەها ئەوەشیان بە گرنگ باس کردووە، کە براوەیە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی یارییەکە، دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت کە کار لەگەڵ بیونسی بکەن و لەسەر فەرشی سور لە کاتی بەدەستهێنانی خەڵات لە فیستیڤاڵ و ئاهەنگە هونەرییەکانی هۆلیوود هاوڕێیەتی بکەن.



# زیاد ئەسعەد ..
# گەنجینەی هونەری کوردی



لە ولاتانی پێشکەوتوودا گرنگییەکی زۆر بە هونەر و هونەرمەندان دەدرێت، بەجۆرێك کە زۆرجار لە زاری هاووڵاتیانی هەندێك دەوڵەت بیستوومانە کە سەرۆکی ولاتی خۆیان ناناسن، بەڵام هونەرمەندی راستەقینە لای تاکەکانی ولاتەکە ناوبانگ و رێزگرتنێکی زۆری هەیە، بۆ ئەوەی هونەرمەندەکەش بەردەوام بێت و لە دەرگای کەس نەدات بۆ کلیپێك، خەڵك ئەلبوومی ئەسڵی دەکڕن و ناهێڵن کۆپی بکەوێتە بازاڕ تا هونەرمەندەکە زیانی ماددی بەر نەکەوێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان جگە لە سستیی دامودەزگای هونەری و رۆشنبیری، بەشێك لە خەڵکیش بوونەتە بارگرانی و هەڵدەستن بە ناوزڕاندن و شکاندنی هونەرمەندانی نیشتمان کە لە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردیدا جێگایان دیارە و ساڵانێکە خزمەت دەکەن، بۆ ئەم بابەتە بەسەرهاتێکی راستەقینەی هونەرمەندی گەورەی بواری شانۆ و سینەما مامۆستا (ئەحمەد سالار) دەهێنینەوە کە دەڵێت: «ئەو سەردەمەی من بریکاری وەزیری رۆشنبیری بووم، جارێك بە سەردان دەچوومە هۆڵی شانۆ، لە بەر دەرگا گشت پاسەوانەکان سڵاوی سەربازییان لێکردم و بێدەنگ بوون تا چوومە ژوورەوە، دواتر چوومە سەر شانۆ و دوای تەواوبوونی نمایشەکە کە دەچوومە دەرەوە هەمان پاسەوانەکان گاڵتەیان پێم دەهات و هیچ حیسابێکی وەکیل وەزیریان بۆ نەکردم.» بۆیە لەم نموونەیەوە دەتوانین بڵێین بەشی هەرە زۆری کورد کەسی سادەیان خۆش ناوێت!

با لە باسەکە دەرنەچم و بگەڕێمەوە سەر ناوەرۆك.

هونەرمەندان: مایکل جاکسۆن، ئیبراهیم تاتلیس، شاکیراو.. هتد، تەنیا بە گۆرانی خزمەتی هونەریان کردووە، بەڵام ناوبانگێکی زۆر و خۆشەویستییەکی ئێجگار زۆریان لای هەواداران و بەتایبەتیش لای خەڵکی ولاتەکانی خۆیان هەیە.

بەڵام هونەرمەندانی کورد جگە لەوەی بێ ناز و بێ پاڵپشتن، بەشێکی زۆریان لەلایەن خەڵکی خۆمانەوە تۆمەتی ناڕەوایان بۆ دروست دەکرێت و کاری ناڕەوایان دەدرێتە پاڵ، بەردەوام هەوڵ دەدرێت ناو و ناوبانگیان لە کەدار بکرێت، ئەمانەش نازانم لە پێناوی چی؟

زیاد ئەسعەد ناوێکە لە نێو ئاسمانی هونەری کوردیدا بەردەوام دەدرەوشێتەوە، لە ساڵانی هەشتاکانەوە خزمەتی هونەری کوردی دەکات، جگە لە گۆرانی گوتن شیعر و ئاوازی بۆ چەندین هونەرمەندی دیکەش داناوە، کە بە هۆیەوە ناوبانگێکی زۆریان پەیداکردوە، جگە لەمانەش لە بواری مۆسیقاشدا یارمەتیی زۆرێك لە هونەرمەندانی داوە، هەروەها دەرگای ماڵەکەی کراوە بووە بۆ ئەو هونەرمەندانەی تازە رۆیشتبوونە هەندەران و بێ شوێن و لانە بوون.

زیاد ئەسعەد هونەرمەندێکە زیاتر لە سی ساڵە دوورە لە باوەشی نیشتمان و نەگەڕاوەتە کوردستان، بەڵام وەزارەتی رۆشنبیری و سەندیکای هونەرمەندان و تەنانەت زۆرێك لەو هونەرمەندانەی کە بەهۆی تێکست و ئاوازەکانی زیاد ئەسعەد ناوبانگیان پەیداکرد، ئەوانیش بێدەنگن و هەوڵیان نەداوە ئەو دووری و بێدەنگییەی زیاد بشکێنن و بەدواداچوونی بۆ بکەن، تا بزانن ئاخۆ زیاد بۆ وا لە هەندەران گیرساوەتەوە و لە گۆرانی و میدیا و هەوادارانی دوور کەوتۆتەوە.

لە جیاتی ئەوەی داوا بکەن، بگەڕێتەوە نیشتمان و لە ئاستی باڵاو جەماوەریی فراواندا پێشوازی لێبکرێت و مەراسیمی بۆ سازبکرێت، کەسانێك بێ گوێدانە مێژوو و رابردو و بێ ئاوڕدانەوە لە هەستی جەماوەر و گوێگرانی ئەو هونەرمەندە، هەڵدەستن بە تۆمەتی بێ بنەما و نەشیاو دەیانەوێت کەسایەتیی ئەو کەڵە هونەرمەندە لەکەدار بکەن .

**حەربی هەرکی**